## ئەو تەنگژیەی ئێستای ئەنقەرە لە دژی کوردەکان دەینێتەوە ،ناونیشانی زۆری پێوەیە



ماوەیەک بەر لە هەلبژاردنەکانی تورکیا بابەتێکم لە سایتەکان لە ژێرناونیشانی(pkk) بیانۆیە نەک مەبەست لە تەنگژەکانی تورکیا ،بلاوکردەوە . ئێستاش بە دیوەکی تر هەمان مەبەست دەیگرێتەوە . سوپاو و تەیاری بەناو عیلمانی وایان دەزانی ئەگەر کێشەی(pkk) و ئەزموونی کوردی باشوور بەرز کەنەوە ،تەوازونی هەلبژاردن بەلای خۆیان ڕادەکێشن و لە (Akp)،دەبەنەوە. کەچی ئەمەکەی دوایی یاریەکەی بە هەردوو سەر داکردو پێشیەوە هەڵبژاردنی بردەوە . لە سەرەتادا وەک عەسکەر ئاسا دەیگوت مانۆڕی سەربازی دژیان دەکەین ،دواتر ڕاکانی خۆیان گۆڕی بەوەی کە دەبێ ئەو مانۆڕە سەربازیە بۆ پاش هەلبژاردن دوا بخرێ و بە دوایەوە وتوویژ لە گەڵ دەسەلاتدارانی عیراقی بکرێ . بۆ خۆشتان دەزانن ئەو مەلەفە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرکۆمار وەستێنرا یان کەمتر دەکەوتە ناو باسانەوە . زەینی سیاسی کوردو سیاسەتمەدارانی ناوچەکەش ئەو تەنگژیەی تورکیا لە گەڵ(pkk) زیاتر بۆ مەرامی سیاسی و هاوکێشەکانی ناوچەکە دەبەستنەوە . لە کاتی هەلبژاردن گەمەکەیان گەورەکردو ،پاشان هێورتریان کردەوە . ئێستاش مەبەستم ماوەیەک بەر لە ئێستا کە کۆنگرێسی ئەمەریکی دوو بڕیاری گرنگ و چارەنوس سازیان لە سەر عیراق و ئێران دا،هی عیراق بڕیاریان بۆ دابەش کردنی بۆ 3 هەرێمی فیدڕالیزمی شیعەو سوننەو کورد داو هی ئێرانیش بیخەنە ناو لیستی تیرۆڕستی و ماوەیەکیش بەر لە ئێستا هەمان کۆنگرێس بڕیارێکی تریان دا لە سەر قەتل و عامی ئەرمەنیەکان لە لایەن ڕژێمی تورکیای ئەو کات کە دەیکردە ماوەیەک بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی یەکەمەوە و بە دوایەوە ڕژێمی تورکیا بیانۆی پەکەکەو دەستێوەردانی سەربازی بۆ سەر ئەزموونی کوردی باشوور دووبارە کردۆتەوە .

ئەو بارەی ئێستا تورکیا تێی دایە بۆ خۆی و ولاتانی ئەقلیمی و ئەمەریکیەکان و بگرە ئەوروپیەکانیش ، تا بڵێی ناجێگیرە .

بۆ ئەمەریکیەکان وا ئاسان نیە دەستبەرداری مەلەفی کوردی بێت لە بەرژەوندی تورکەکان لە بەر :

باری کوردان بۆ ئەوان لە عیراق بە پۆزەتیڤ کەوتۆتەوە. زۆر لە سیاسەتمەداران و ئەوانەی لێکۆڵینەوەی سیاسی لە سەر باری عیراق ئەکەن بە تایبەتی لێکۆلەرەوە ئەمەریکیەکان ،بارەکە بۆ ئەو ئاقارە دەبەنەوە کە ئەگەر لە بەر دۆزی کوردان و هاوکاری کردنەکانیان نەبێت ،ئەوا باریان لە عیراق و دوا ڕۆژی مانەوەیان لێی چەندەها جاری تر سەختتر دەبێت .

– کوردی ڕۆژهەلات وباکوری ڕۆژهەلات(ئێران و سوریا) وەک هی عیراق ئاسا ،ئەمەرەیکیەکان سودێکی باشیان لێ وەردەگرن بۆ هاوکاری کردنیان لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکیان لە گەڵ ئێران و سوریا .بە تایبەتی ئەمەکەی یەکەم .

– ئەمەریکیەکان پاش ئەوەی حکومەتی ئەنقەرە ڕێگایان پێ نەدان کە لە خاکیان هێزەکانیان ڕەوانەی عیراق بکەن لە لایەک و ناجێگیری باری سیاسی و فەرمانڕەوایەتیان لە گەڵ ئەوروپاو ولاتانی ئەقلیمی کە تا چ ڕادەیەک کارو کاردانەوەکانیان بە قازانجی ئەمەریکیەکان دەکەوێتەوە بە

هۆیەوە وا لە ئەمەریکیەکان دەکات کە دۆستێکی تریان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان لە ناوچەکە بدۆزنەوەو لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆمان تا زۆر ڕادە دەیانەوێ کوردەکان بخەنە ناو بازنەی بەرژەوەندی خۆیانەوە .
– هەر کاردانەوەیەکی ئەمەریکی لە دژی کوردەکان بە قازانجی تورکیا ڕوودات ئەمڕۆ یان سبەی کاردانەوەی نێگەتیفی دەبێت لە پاشەڕۆژی نزیک بوونەوەی کوردو ئەمەریکا .لەوانەیە لە ڕێگایەوە نەک ئەمەریکیەکان متمانەی کوردەکانی باشوور لە دەست دەدەن ،بەلکو کارتیکردنی خۆشی دەبێت لە نزیک بوونەوەی کوردی پارچەکانی تری کوردستان پێیانەوە .
لە ڕووی تریشەوە ڕەنگە بۆ ئەمەریکیەکان باش نەبێت دەستبەرداری حکومەتی ئەنقەرەش ببن لە بەر ئەو پەیوەندیە دۆستایەتیە مێژوویەیان و جگە لە پەیوەندی ئابووری و سەربازی و بوونی تورکیا لە ناو ناتۆ و پەیوەندی دۆستانەی پیشترو تا ڕادەیەک ئێستای نێوانیان و ئیسرایل وحەز نەکردنیان بەوەی کە لە بەر دۆزی کورد ،تورکەکان بە تەواوەتی لێیان بتۆرێن و بیر لە هاوپەیمانی تر لە بابەتی ئێران و ڕوسیا بکەنەوە .بۆیە هەموو کارەکانی پێشتریان بۆ ئەوە بوو کە بیکەر–هاملێتۆن لە عیراق بەکردار بکەن ،یان بەلانی کەم نێوەندێک لە سیاسەتەکانیان بەرقەرار بکەن کە هیچ کام لە کوردو تورک لییان نەتۆرێن . بەڵام کە ڕوداوەکانی عیراق بە ئاراستەی پرۆژەکەی جۆزیف بایدن دەڕوات ،واتە دابەشکردنی فیدرالیانە بۆ سێ هەرێم ،دەرئەنجامی ناسەقامگیری باری عیراق بوو . تورکەکانیش هەقی خۆیانە وابیر بکەنەوە کە جۆرە بڕیاری وەهای ئەمەریکی با بە ناچاریش بێت ،بەڵام لە کۆتاییدا زیاتر بە زیانی ئەوان دەکەوێتەوە و ئەو هەڵپە هەڵپەشیان زۆری بۆ ئەوەیە کە ڕێ لە جێبەجێ کردنی جۆرە بڕیاری لەو بابەتانە بگرن .
بۆ(Akp)ەش مەلەفەکانی کوردو عەسکەرو کەمالیزم و هەلگێڕو وەرگێڕکردنی ئەو دەستورەیان کە بە پیرۆزو نەگۆڕ باسی لێوە دەکەن لە گەڵ پەیوەندیەکانیان لە گەڵ ئەمەریکاو ئەوروپا و ولاتانی ناوچەکە وەک خۆی ماوەتەوە . دەبی ئەوەش بڵێین هەر یەک لەو مەلەفانە ،کەوتونەتە بارێکەوە کە تا بڵێیت ناکۆک و دژ بە یەکن . ئەگەر لە کێشەی کورد بێنە پێشەوە ،عەسکەر نیگەران دەکەن ،ئەگەر لێشی نەچنە پێشەوە مانای پاشگەزبوونەوەیانە لە بانگێشەکانی هەلبژاردنیان و لە ڕێگەیەوە لەوانەیە ئەو متمانەیەی جارانی کوردەکان بۆ خۆیان وەدەست نەهێنن . ئەگەر هەلگێڕو وەرگێڕ لە دەستوری کەمالیزم دەکەن ،عەسکەرو بەناو عیلمانی لە خۆیان نیگەران دەکەن ،ئەگەر ناش لە چوونیان بۆ ناو ئەوروپا دوور دەکەونەوە . ئەگەر بیانەوێ لە ئەمەریکیەکان نزیک بنەوە دەبێ بکەونە خانەی دژە ئێران ،ئەگەر بە گوێشیان بکەن لەوانەیە بنکەی دەسەڵاتیان و عەقیدەی دینیان لە لایەکەوە ڕێگایان پیت نەدات وە لە لایەکی تریشەوە کێشەی کوردی پێ بچێتە پێشەوە .
ڕەنگە تورکەکان ئەو دوو بڕیارەی دوایەی کۆنگرێسی ئەمەریکی دەربارەی دابەشبوونی عیراق و هەڵدانەوەی مەلەفی ئەرمەنیەکان لە دژیان ، بە وەرچەرخانێکی نوێی ئەمەریکیەکان لە دژیان تێ بگەن و واش بە ناو مێشکیان خول بخواتەوە کە کاری لەمەو دوای ئەمەریکیەکان بۆ ئەوەوە بێت کە بزاڤی کوردی باکوورو ڕۆژهگەڵاتیش ڕو لە بەرەو پێشچوون بڕوات تا ئەندازەی دروست بوونی کیانێکی سیاسی لە بابەت کوردی باشوور و بە زیاتریشەوە .
ئەوەی ماوەتەوە مەودای بیر کردنەوەی زەینی خۆمە کاخوانەکینێ ڕووداوەکان بەرەو چ ئاقارێک بەڕێ دەکەوێ و لە کوێوە دەمەیتەوە . قەناعەت ناکەم ئەو مەلەفە جۆراوجۆرانەی کە ئێستاکە ڕوبەڕووی حکومەتی ئێستاو هەر حکومەتێکی تری تورکی ببێتەوە لە توانایان دابێ بە ئاڕاستەی

هێور کردنەوە بەرن . حکومەتی ئەنقەڕەش ئەگەر بیەوێ ڕوداوەکان بەرەو هەر ئاقارێک ببا ، دەبی جورئەتی ئەوەی تیا بێت کاری لە سەر بکات و بۆ لەمەو دواش ئەمەریکیەکان چیتر لە چاوەڕوانی تورکەکان نابن کاخوانەکینێ کارو کاردانەوەکانیان بە چ ئاڕاستەیەک دەبێت و لە دوا جاریشدا لە کوی دەمەیتەوە . من لە چەندەها بابەتی تری پێشترم لە سەر باری تورکیا ، ئەوەم بە دەرخستبوو کە ئەمەریکیەکان لە سەر تورکیا چەندەها ئەگەریان لە پێشدایە لە کودەتای سەربازیەوە تا مل کەچ کردنی حکومەتی ئێستای ئەنقەڕە بەرەو بەرژەوەندیەکانیان یان دۆزینەوەی دۆستی تر لە ناوچەکە کە شوێنی تورکەکەکان بگرێتەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان .

دیسان بە قەناعەتی خۆم ئەوەی زیاتر تورکەکانی بە ئیسلام و غیر ئیسلام هارکردووە،خوێندنەوەیانە بۆ ئەو دوو بڕیارەی کۆنگریسی ئەمەریکی و بەوە لێکی بدەنەوە کە سیڤەری پێشتر لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆمان بە قازانجی کوردو ئەرمەن لە سەریان کێڵ بکرێتەوە ،بۆیە وا قینیان هەڵساوە کە بە پان و بەرینی لە دژی کوردەکان و ئەزموونی کوردی باشوور بکەونە خۆیانەوەو لە ڕێگەیەوە وا بە مێشکیان خوڵ بخواتەوە کە وا لە ئەمەریکیەکان بکەن کە کاردانەوەی وەها نەکەن بە ئاقاری پەرەسەندنی ئەزموونی فەرمانڕەوایەتی کوردی باشوورو سەرجەم بزاڤی سیاسی کورد بشەکێتەوە .

مەهدی کاوانی/کاوەنیان / 2007/10/18
mahdikawani@yahoo.co.uk